# ڕووداو وەرزشی

WWW.RUDAW.NET

ژمارە (431)   سێشەممە 2017/1/3   13ی بەفرانبار – 2716   (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات



"من دوژمنی ڕیال مەدریدم و حەزدەکەم هەمیشە بدۆڕێت"

## پیکێ: یاریزانانی بارسا و ڕیال وەک من ڕاستگۆ نین

ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

جیرارد پیکێ، بەرگریکاری یانەی بارسێلۆنا جارێکی دیکە جەماوەری یانەی ڕیال مەدریدی ڕکابەری بارسێلۆنای تووڕەکردو ڕاشکاوانە ڕایگەیاند «من دوژمنی میرنگێم، ڕقم لێیەتی و حەزدەکەم لە هەموو یارییەکانیدا بدۆڕێت».


پیکێ، کە پێیوایە هەموو یاریزانانی ڕیال و بارسا هەمان ڕوانین و بۆچوونی ئەویان بە ئاراستەی تیپی بەرامبەریان هەیە، بەڵام وەک ئەو ڕاستگۆیانە قسە ناکەن، بە ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ڕاگەیاند «زۆر ڕقم لە ڕیال مەدریدەو حەزدەکەم لە هەموو یارییەکانیدا تووشی دۆڕاندن بێت، نێوانی بارسا و ڕیال هەستیارە، هەر یەکێکیان بە کاتێکی باشدا تێپەڕ بێت ئەوەی دیکە ڕووبەڕووی کێشەو زەحمەتی دەبێتەوە، بۆیە حەزدەکەم هەمیشە ئەو تیپە بدۆڕێت، کە بەڕاستی زۆر ڕقم لێیەتی».

پیکێ هەروەها گوتیشی «جارێکیان بە ئیکەر کاسیاسم گوت هیوادارم بە 4 گۆڵ بدۆڕێن، دواتر هەر ئەوە ڕوویداو بە 4 گۆڵ دۆڕان، بەڕاستی ئەوە شێتایەتی بوو». پیکێ، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە ڕقلێبوونەوەی ئەو بۆ ڕیال مەدرید مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ڕقی لە یاریزانانی ئەو یانەیەو گوتی «زۆر لە یاریزانانی ڕیال مەدرید هاوڕێی منن، تەنانەت کاتێک بوومەتە باوک کاسیاس گوڵی بۆ ناردووم».

## سیماکانی شۆڕشە ئارامەکەی کلۆپ لەگەڵ لیڤەرپووڵ دەرکەوتن..

# Leaderpool

"کلۆپ بە کەمتر لە 14 مانگ بەهێزترین تیپی پریمەرلیگی دروستکردووە"



3

دێرک کاوت، یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندا و یانەی فاینۆرد، قسە بۆ (ڕووداوی وەرزشی) دەکات



2

زیدان نێوانی ڕۆدریگز و ژنەکەی تێکدەدات



3

سەمیر بابۆ: دەستێک کاری دەکرد بۆ شکستپێهێنانی زێرەڤانی



2


بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نوێ..

## لە تیروپشکی چامپیۆنسلیگدا ساختەکاری دەکرێت



3

رووداو وەرزشی
ژمارە ( 431 )
سێشەممە 2017/1/3



## کوردێک بۆ ریال

ئیـدارەی یانـەی ریال مەدریدی ئیسـپانی شـەرەفی ئەندامیەتی راگەیاندنی بە گەنجێکی رۆژئاوای کوردسـتان دا، بۆ ئەوەی ببێتـە نوێنەری یانەکە لە هەرێمی کوردستان. ئەو گەنجە ناوی سامان شێخۆیە، تەمەن 19 ساڵەو ئێستا دانیشتووی باشووری کوردستانە. ئەو لەبارەی چۆنیەتی وەرگرتنی ئەو ئەرکە لە یانەی ریال مەدریدەوە، بە ماڵپەڕی ARA NEWSی راگەیاندووە «چەندینجار هەوڵمدا ئەندامیەتی یانەکە بەدەسـتبێنم، هەموو هەوڵەکانم شکسـتیان هێنا، تاوەکو لە 2016/8/14 ئاگادارکرامەوە کە لە هوتێلێکی هەولێر چاوم بە شاندێکی ئیسپانی بکەوێت، ئەو شاندە 15 پرسیاری لەبارەی ریال مەدریدەوە لێکردم و هەموویانم بە دروستی وەڵامداوە، ئینجا منیان قبوڵکرد».

دێرک کاوت، یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندا و یانەی فاینۆرد، بۆ (رووداوی وەرزشی):

# یاریزانێکی کورد دوارۆژێکی باشی بۆ تۆپی پێی هۆڵەندا هەیە

ئێوارەیەکی ساردی هۆڵەندا، یارییەک لەنێوان دوو یانەی ئاسایی هەیە بۆ گەنجان، بەڵام یانەیەکیان یاریزانێکی زۆر بەناوبانگ و بەتوانا لە دەستەی بەڕێوبەرایەتییەو یارمەتییان دەدات، تەنانەت هەموو خەڵکەکە لەنێوان خۆیاندا دەڵێن «لەوانەیە ئەمڕۆش بۆ سەیرکردنی یارییەکە هاتبێت».

دێریک کاوت، ئەو یاریزانەی ئێستا کاپتنی یانەی فاینۆردی هۆڵەندییە، کە ئێستا پێشەنگی خولی هۆڵەندای گرتووە، لە چەندین یانەی بەهێز یاریکردووە، یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەنداشە، لەگەڵ سەرقاڵی زۆری خۆی بۆ هەموو یارییەکانی کویک بۆیس ئامادەیەو هێشتا لەم شارە بچووکەی کاتڤایک دەژی.

لەو ئێوارەیەدا لەدوای تەواوبوونی یارییەکە و بردنەوەی کویک بۆیس بە 2 گۆڵی بێبەرامبەر، دێریک کاوت بە زەردەخەنەوە وەڵامی پرسیارەکانی (رووداوی وەرزشی) دایەوە.

**هەڤپەیڤین: کانی هەڵەبجەیی**



«شانازی بەوە دەکەم کە یاریم بۆ لیڤەرپووڵ و فەنەربەخچە کردووەو ئێستاش کاپتنی فاینۆردم»

**رووداوی وەرزشـی: چۆنە هاتوویت تەماشای ئەم یارییە بکەیت؟**

**دێریـک کاوت:** کویک بۆیس بـۆ من زۆر گرنگەو خۆشەویستییەکی تایبەتی هەیە، من لە 5 ساڵییەوە تاوەکو 17 سـاڵی لەم یانەیە یاریـم کردووە، لێرەوە بـەرەو یانـە بەناوبانگـەکان رۆیشـتووم، ئێسـتا منیـش یەکێکم لـە بەڕێوبەرەکانی ئـەم یانەیە و لە پەروردەکردنی یاریزانەکان هاوکارییان دەکەم. زۆر لە خێزانەکەم و هاوڕێکانم و منداڵەکانی خۆشم هەر لێرە یاری دەکەن.

**رووداوی وەرزشی: سـەدا جوتیـار خەیـات، یاریزانێکـی کوردەو لە کویکبۆیس یاری دەکات، رات چییە سەبارەت بە سەدا؟**

**دێریک کاوت:** سەدا یاریزانێکی باشەو لە یانەی زۆر باش پەروەردە کراوە، وەک سـپارتا و PSV ئاگادارم کا ماوەیـەک بەهۆی پێکانەوە نەیتوانی یاری بکات و ئەمەش هەندێک لە ریتمی تێکدابوو، بەڵام ئێسـتا لە ئاستێکی زۆر باشدایەو هەموو یارییەکان یاری دەکات. ئەو پاشەڕۆژێکی زۆر باشی دەبێت. لە کۆنترۆڵکردنی تۆپ زۆر باشـەو بـە هەردوو قاچـی دەتوانێت یاری بـکات. جگە لەوەش یاریزانێکـی خێرایە. من هیوای بەختێکی زۆر باشی بۆ دەخوازم.

**رووداوی وەرزشـی: هێشتا خەون ماوە بەدەستی بێنیت؟**

**دێریک کاوت:** راستە من زۆر لە ئامانجەکانی خۆم پێـکاوە، بـەڵام خەون لەگەڵ ئێمە گـەورە دەبێت و هەر دەبێ هیوامان بە سەرکەوتنی زیاتر بێت، ساڵی رابردوو لەگەڵ فاینۆرد خەڵاتم بردەوە، کەواتە یەکێک لـە خەونە گەورەکانـم ئەوەیە چەنـد جارێکی دیکە لەگەڵ فاینۆرد، خەڵات ببەمەوە بەتایبەتی کە ببینە کامپیۆن. بەرەو پێشچوون و خەون هەردەم دەمێنن.

**رووداوی وەرزشـی: یاریکردن بـۆ یانە جیهانییەکان چێژی زیاترە یاخود هەڵبژاردەی هۆڵەندا؟**

**دێـرک کاوت:** یاریکـردن هەموو کات چێژی خۆی هەیـە، بێگومـان زۆر گرنگە کە من لـە یانەی وەک لیڤەرپـووڵ، فەنەربەخچە و فاینـۆرد یاریم کردووەو ئێستاش کاپتنی فاینۆردم، ئەمانە هەمووی ئەزموونی زۆر گرنگن لە ژیانی مندا. لەگەڵ ئەوەشـدا جۆش و خرۆشـی هەموو خەڵکی وڵاتەکەم شتێکی دیکەیە لە کاتی یاریکردن بۆ هەڵبژاردەی هۆڵندا.

**رووداوی وەرزشـی: ئێسـتا بـە چییـەوە زۆر سەرقاڵی؟**

**دێرک کاوت:** من ئێسـتا بـە راهێنان و یاریکردنی خـۆم لـە فاینـۆرد زۆر سـەرقاڵم، جگە لـەوەش لە دەستەی بەڕێوبەرایەتی کویک بۆیسم و دەبێت ئیش لەسـەر بەهێزکردنی بنەڕەتی ئـەم یانەیە بکەم و بە وردی لە ئاستی یاریزانەکان دەڕوانم. زێدەباری ئەوەش چەندیـن پـرۆژەی خێرخوازیم هەیە بـۆ یارمەتیدانی منداڵان.

«یاریکردن بۆ هەڵبژاردەی هۆڵەندا تاموچێژێکی تایبەتی هەیە»

**رووداوی وەرزشـی: بیـر لەوە دەکەیتـەوە ببیتە راهێنەر لە دوارۆژدا؟**

**دێرک کاوت:** ئێستاش لێرە یارمەتی راهێنەرەکان دەدەم و زۆر کات بۆچوونی خۆمیان ئەدەمێ، لەگەڵ ئەوەی ئێسـتا زۆر بە یاریکردنەکانی خۆم و فاینۆرد سـەرقاڵم، بەڵام رەنگە ئەگەر رۆژێک یاریم نەکرد بیر لەوە بکەمەوە ببمە راهێنەر.



**ناو:** دێرک کاوت
**لەدایکبوون:** 22/7/1980
**وڵاتینانە:** هۆڵەندا
**یانە:** فاینۆرد ـ هۆڵەندا
**درێژی باڵا:** 184 سانتیمەتر



## چی لە 2016 سەیر بوو؟!

**سەفین تەها**

ئەوە سـەیر بوو کە لیسـتەر سیتی بووە پاڵەوانی پرێمەرلیـگ، بێگومـان لەوەش سـەیرتر سـواربوون عەیبێک و دابەزین عەیبەکەی دیکەی مێسی بوو، سەیر و سەیرتریشمان بینی.

پێتوایـە ئـەوە سـەیر نەبوو کە هەمدیسـان ریال مەدریـد و ئاتلێتیکۆ مەدرید گەیشـتنەوە بە فاینالی چامپیۆنزلیگ؟ لەوەش سـەیرتر جارێکی دیکە رامۆس گۆڵـی کرد، لـە هەمـوو ئەمانەش سـەیرتر، رامۆس سـۆپەری ئەوروپای گەڕاندەوە بۆ باوەشـی مێرێنگی و کلاسیکۆی ئەم دوواییەشی گەڕاندەوە خاڵی سفر.

سـەیر و سـەمەرە ئەوەیە سـەرەوەختێک لیستەر سیتی لە خولی نێوخۆیی ئینگلتەرا لە پلەی 16دا بوو، کەچی بەیەکەمی کۆمەڵەکەی گەیشتە قۆناخی 16.

سەرەتای وەرزی پرێمەرلیگ بە راپەڕینێکی مەزنی گواردیۆلا دەسـتیپێکردو مۆرینیـۆش نزیکبوو لەوەی کـە دووبـارە دووربخرێتەوە، بەڵام گیانە ئەوە سـاڵی 2016 بوو کە مۆرینیۆی خست و ئێستا هەڵیساندەوە، گواردیۆلای فڕاند و زۆر بە خراپی بەزەویدا کێشا.

چێلسـی، کە هیچ کەسێک متمانەی بە سەرشێتە رێکپۆشـە قژچێندراوە ئیتاڵییەکە نەبوو بیانگەیەنێتە کەشکەڵانی فەلەک! ئاخر ئەوان بەدەست مۆرینیۆوە دەموقەپۆزیـان بە زەویدا کێشـرابوو، کەچی ئێسـتا سـەروچاووی هەموویانـی شـکاندووەو 13 یارییـە لەسەریەک دەیباتەوە!

ئەی ئەوە سـەیر نەبوو کە مێسـی بۆ دووەم ساڵ لەسـەریەک کۆپـا ئەمێریکای دۆڕانـد؟ لەگەڵ ئەوەی سـاڵی 2016 شـوومترین سـاڵی مێسـی بوو، بەڵام دەتوانین ناوی بنێین ساڵی سەیرستانی مێسی، ئاخر ئەو بۆ پەردەپۆشـکردنی شکستە نێودەوڵەتییەکانی وازی لـە یاریکردن هێنا، ئەمە پێیدەڵێن سـواربوون، کەچـی دوای ئەوەی داوایان لێکرد بگەڕێتەوەو ئەویش گەڕایەوە، ئەمەش پێیدەڵێن دابەزین، ئەوەی یەکەمیان عەیبێک ئەمەی دیکەش دوو عەیب، بە هەموو ئەمانەش نەوەستا چوو قژی زەردو ریشی سوور کرد، قاچیشی بە تاتوو کرد بە «کامل بۆیاخ»!.

بەرامبەربوونی عێراق و بەرازیل بۆ هەندێک سـەیر بوو، هەندێکی دیکەش شانازییان پێوەدەکرد، ئەمەش سـەیرە، بۆچی؟ چونکـە لەنێو خاکـی بەرازیل و بە ئامادەبوونی نەیمار و هەردوو گابرێلەکە (خیسـۆس و باربۆسا) نەیانتوانی تۆڕی محەممەد حەمید بهەژێنن.

بـا بگەڕێینـەوە بـۆ باشـوور، واتە کوردسـتان، یاریزانێکـی لاو مرد، ئەمە سـەیر نییە، بەڵام سـەیر لەوەدایە بەچی مرد؟ وەک دەڵێن دەرمانی بەهێزکردنی ماسوولەکەی بەکارهێناوە، باشە چاوەڕێ دەکەن چەند یاریزان و وەرزشوانی دیکە بمرێت تاوەکو پاکسازییەک لەنێو ئەو هەموو دەرمانانەدا بکرێت؟ بەداخەوە دەبێت بە سەرسوڕمانەوە چاوەڕێی لەدەستدانی ئەستێرە تازە چەکەرەکراوەکان بکەین.

ئەسـتێرەکانی وەرزش لە 2016دا گەیشـتنە ئەو بڕوایەی کە ئیدی بەسـە! هەر لە سەردار ئیسماعیلی پاڵەوانـی کـوردەوە کە هیـچ نەما بەناو و سـروودی نیشـتیمانیی کوردستانەوە بەدەستینەهێنێت، تاوەکو نیکۆ رۆزبێرگ، سەردار لە کۆتایی نەوەدەکانەوە یاری دەکات و مافـی خۆیەتی ئیـدی بێزار بێت، بەڵام ئەی ئەوە سـەیر نییـە کە نیکۆ رۆزبێرگ کـە تەمەنی 31 سـاڵەو تەنیا بە بەدەسـتهێنانی یەک نازناو، وازی لە شۆفێریکردن هێنا.

ئەی توخوا سەیر نییە ماریا شاراپۆڤا لە یاریکردن سـڕ بکرێت؟ یان کێ بیری لەوە دەکردەوە جۆکۆڤیچ لە پێشەنگی بهێندرێتە خوارەوەو مۆرای ببێتە یەکەم؟

ئـەی سـەمیر بابـۆ لـە پلـەی دووەمـی خولـی نایابـی کوردسـتانەوە بۆچی لەگـەڵ بەهێزترین و پڕ سەرمایەدارترین یانەی کوردستان هیچ سەرکەوتنێکی لە کۆی 7 یاری بەدەستنەهێنێت، ئەی ئەمە سەیر نییە؟ رووداوە سـەیرەکان زۆربوون، ئەوەی لە خەیاڵمدا بوو، شـتە گرنگەکانم بەبیرهێنانەوە، خۆشتان لە ئێستاوە شتە سەیرەکانی وەرزش لە 2017دا بنووسنەوە.

سەمیر بابۆ، راهێنەری نوێی یانەی پێشمەرگەی هەولێر:

# دەستێک هەبوو بۆ شکستپێهێنانی زێرەڤانی



**کارزان کانەبی**
**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

سەمیر بابۆ، راهێنەری نوێی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بە (رووداوی وەرزشـی) راگەیاند دەستێکی دەرەکی هەبوو، بەنهێنی کاری لەسـەر شـکاندنی یانـەی زێرەڤانی دەکردو دەیویسـت وای بەسـەر بێـت». هەروەهـا بابۆ گوتیشـی «4 یانـە داوای گرێبەستیان لێ کردووم».

سـەمیر بابـۆ، لـە دەسـتپێکی ئـەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی پێشـمەرگەی کوردسـتان، ئەرکی مەشـقدانەوەی یانـەی زێرەڤانی وەرگرت و باشـترینەکانی بە درێـژی یانەکەی دەردەکەوتن، زۆربەی چاودێرانی وەرزشیش پێیانوابوو تیپەکەی بابـۆ بەهێزتریـن پاڵێـوراوە بـۆ بەدەسـتهێنانی نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام وا دەرنەچـوو، یانەکە لە 6 یاری قۆناخی یەکەم هیچ سـەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا. بۆیە بابۆ 6 جار داوای دەستلەکارکێشـانەوەی کرد تاوەکو یانەکەی قبوڵیکرد.

سـەمیر بابـۆ، لەو بـارەوە هەندێـک نهێنی بۆ (رووداوی وەرزشـی) ئاشکراکرد و ئاماژەی بەوەدا کە ئێستاش باشترین تیپی بۆ یانەکە جێهێشتووە، بەڵام وەک خۆی گوتی «دەستێک هەوڵی تێکدانی یانەکەی دەداو ئامانجەکەشی بەدیهات».

«لە رەوشتی من نییە بە یاریزانان بڵێم ئامادەی مەشقەکان نەبن»

بابۆی راهێنەری پێشـووی زێرەڤانی و ئێستای پێشـمەرگەی هەولێـر، گوتیشـی «مـن هەمـوو ئـەو دەنگۆیانـە رەتدەکەمەوە کە دەڵێن سـەمیر یاریزانەکانـی هانـداوە ئامادەی مەشـقەکان نەبن و یـاری نەکـەن، ئەو قسـانە هەمـووی دوورن لە راسـتی، جگـە لـەوەش ئـەو کارانە لە رەوشـتی مـن ناوەشـێنەوە». ئـەو زیاتـر گوتـی «من بۆ خزمەتکردنی زێرەڤانی چوومە دهۆک، بەپێچەوانەی هەمـوو ئـەو دەنگۆیانەش مـن ماوەی 11 سـاڵە راهێنەرم، یەکەم وەرزە تیپێکی وا بەتوانا دروسـت بکەم، مـن لە ماوەی ئامـادەکاری تیپەکەمان زۆر سەرسـام بووم بەو تیپەی خۆم، بـەڵام بەداخەوە کە چووینە نێو دەستپێکی خولەکە هەموو شتەکان پێچەوانە بوونەوە، من 100% لە رووی هونەرییەوە بەرپرسیاریەتی ئەنجامەکان لەئەستۆ دەگرم، بەڵام کەسـانێک هەبوون کاریان لەسـەر ئەوە دەکرد کە ئێمە فەشەل بێنین لە کارەکانمان».

سـەمیر بابۆ، کە زۆر سوپاسـگوزاری ئیدارەی یانەکەی بوو، بەو پێیەی بەردەوام پاڵپشتی بووەو هیچ کەمتەرخەمییەکی نەبووە لەگەڵ یانەکە، زیاتر باسی ئەو دەستە دەکات، کە لەدواوە لەدژی یانەکە کاری کردووەو دەڵێت «ئەو دەستە زۆر گەورە بوو، بەردەوام کاری لەسەر یانەکەمان و یاریزانان دەکرد، تەنانەت لە رووی راگەیاندنیشەوە هەوڵیان بۆ ئەوە دەدا، مـن لـە 6 یارییـدا کارم لەسـەر روحییەتی یاریزانـان دەکرد، بەڵام ئەوان روحی یارمەتیدانیان نەبوو، روحی تۆپانێ و روحی دڵسۆزییان نەبوو».

«هەندێک شتم دەبینی بێژم لە وەرزش دەبووەوە»

هەروەها ئەو راهێنەرە گەنجە، گوتیشی «ئیدارەی یانەکەمان دەیانزانی ئەو کەسانە کار بۆ شکستمان دەکـەن، بەڵام بەدەر لە دەسـەڵاتی ئەوانیش بوو، تەنانەت ئیدارەی یانەکەشمان تووشی شۆک ببوو، چونکە دەستیان دەخستە نێو کاروباری یاریزانەکان لـە هەمـوو لایەکـەوە، مـن هەوڵمدا چارەسـەری ئـەو گرفتە بکەم، بـەڵام لە توانـای منیش نەبوو چارەسەری بکەم، کە بەداخەوە لە کۆتاییدا توانیان حەماسـەتەکەمان بکوژن، خوا شـاهیدە باشترین سـاڵی راهێنەرایەتیم لەگەڵ یانەی زێرەڤانی بووە، بەڵام بەداخەوە کە هیچ هیوایەک نەمابوو».

سـەمیر بابۆ، ئاماژەی بۆ ئـەوە کرد کە ئەو 6 جار دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش کردووە هەر قبوڵیان نەکردووە «ئیدارەی یانەکەمان بە ئێمەیان راگەیاند کە ئەوان دەسـتبەرداری ئێمە نابن، بەڵام بەداخـەوە هەندێـک شـتم بینی بێزم لـە وەرزش بووەوە». سـەمیر بابۆ هەروەها گوتیشی «بڕیارم دابوو ماوەیەک پشـوو بدەم، بەڵام ئیدارەی یانەی پێشـمەرگەی هەولێر و یاریزانـەکان زۆر هەوڵیاندا بگەڕێمەوە ئینجا ئەو بڕیارەمدا».

«4 یانە داوای گرێبەستیان لێکردم»

راهێنەرە تازەکەی پێشمەرگەی هەولێر، ئەوەشی بـۆ (رووداوی وەرزشـی) ئاشـکراکرد کـە 4 یانە داوای گرێبەسـتیان لێکـردووە، بەر لـەوەی یانەی پێشـمەرگەی هەولێر هەڵبژێرێت «3 لەناو هەولێر بوون، دانەیەکیش لە دەرەوەی هەولێر بوو».



ڕووداو وەرزشی
ژمارە (431)
سێشەممە 2017/1/3



## سەرۆکە یاریزانەکە

دوای پاشـگەزبوونەوە لـە وازهێنانـی یەکجارەکـی لە یاریکردن و گەڕانـەوە وەک یاریزان بۆ ریزەکانی یانەی ئیستۆدیانتسـی ئەرجەنتینی، خوان سیباسـتیان ڤیرۆنی یاریزانی ئەرجەنتینی دەبێتە یەکەم سـەرۆک یانە یاری بۆ یانەکەی بکات، کە پێشـتر هەرگیز ئەمە لە مێژووی تۆپی پێیدا ڕووینەداوە. ڤیرۆنی تەمەن 41 ساڵ، کە ئێستا سەرۆکی ئەو یانەیەیە، لەمەودوا وەک یاریزانیش یاری بۆ یانەکەی دەکات. بەپێی ڕاگەیێندراوێکی یانەکە ڤیرۆن بەپێی گرێبەستێکی نوێ ماوەی 18 مانگ یاری بۆ یانەکە دەکات، بەڵام ئەو مووچەیەی وەک یاریزان وەردەگرێت بۆ کارەکانی نۆژەنکردنەوەی یاریگە و بارەگای یانەکە تەرخان دەکرێت.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نوێ..

# لە تیروپشکی چامپیۆنسلیگدا ساختەکاری دەکرێت

«ڕووبەڕووبوونەوەکانی ریال مەدرید لە قۆناخی 16 و 8 بە ڕێژەی 1 /4000 دەکەونە ژێر بڕگەی ڕێککەوت»




**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

دەزگاکانـی ڕاگەیاندنـی کەتالۆنیـا، لەسـەر هەڵمەتی توندیان لە گومانکردن لە تیروپشـکی ریـال مەدریـد لـە چامپیۆنسـلیگ بەردەوامـن، کـە لەم وەرزەدا خسـتوویەتە بەرامبـەر ناپۆلی ئیتالی، لە چوارچێوەی قۆناخی 16 دا.

ڕۆژنامەی لافنگاردیای کەتالۆنی، بەراوردێکی لەنێـوان کاروانـی بارسـێلۆنا و ریـال مەدریـد کردووە، بە درێژایی 7 سـاڵ لە چامپیۆنسـیگدا. ڕۆژنامەکە پشـتی بە لێکۆڵینەوەیەک بەستووە، کـە دووپاتی دەکاتـەوە ڕووبەڕووبوونەوەی ریال مەدریـد لـە قۆناخـی 16 و 8 بە تیپی ئاسـان، بـە ڕێـژەی 1 بـۆ 4000 دەکەوێتە ژێـر بڕگەی ڕێککەوت.

ڕۆژنامەکـە لە ڕاپۆرتەکەیـدا ئاماژەی بەوەش کـردووە، ریـال مەدرید لەوەتـەی وەرزی 2009 ـ2010 لەگـەڵ مـاوەی دووەمـی سـەرۆکایەتی سـەرۆکی ئێسـتای فلۆرەنتینۆ پیرێز، بەشداری لـە 14 تیروپشـکی چامپیۆنسـلیگدا کـردووە، هەمـوو جارێکیـش خۆی لـە ڕووبەڕووبوونەوەی پێشـبینیکراو بـەدوور گرتـووە، بەرامبەر بایرن میونشـن 7 جـار، پاشـان بارسـێلۆنا، پاریـس سـانجێرمان و یوڤانتـۆس 6 جـار، لـە دوای ئـەوان ئارسـینال 5 جار، ئینجا ئینتەرمیلان و مانچێستەر ستی 3 جار، دواجار ئەی سی میلان و ئەتلەتیکۆ مەدرید 2 جار.

ئـەو ڕۆژنامەیـە بـاس لـەوەش دەکات، لـە بەرامبـەردا ریال مەدرید ڕووبەڕووی تیپی لاوازتر بووەتەوە لە هەمان ماوەدا، وەک شاڵکە و لیۆن 2 جار، ئینجا ئەپوێل نیقۆسیا، سیسکا مۆسکۆ، گەڵاتەسـەرای، تۆتێنهـام، بورۆسـیا دۆرتمۆند، ڕۆمـا، مانچێسـتەر یونایتـد، فۆلفسـبۆرگ، ئەتلەتیکـۆ مەدریـد و ناپۆلی 1 جار. ڕۆژنامەکە سـەرنجی بۆ ئەوەش ڕاکێشـاوە، بەخت زۆرجار یـاوەری ریـال مەدریـد بـووە لـە تیروپشـکی گەڕەکانی دەرکردن لە چامپیۆنسـلیگدا، ئەوەش تەواو پێچەوانەی چارەنووسـی بارسـێلۆنا بووە، کە 3 جار بەرامبەر پاریس سانجێرمان. بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید، ئەی سی میلان و مانچێستەر ستی 2 جار. یەک جاریش بەرامبەر شتۆتگارت، بایرلیڤەرکۆزن و شاختار دۆنتیسک یاریکردووە.

جێی باسـە لـەو ماوەیەدا، بارسـێلۆنا 2 جار لـە سـاڵانی 2011 و 2015 و ریـال مەدریدیش 2 جـار لـە سـاڵانی 2014 و 2016 نازنـاوی چامپیۆنسلیگیان بردووەتەوە.

**لە ماوەی سـەرۆکایەتی فلۆرەنتینۆ پیرێزدا، ریال مەدرید لە قۆناخی 16 و 8ی چامپیۆنسلیگدا 40 جـار لـە ئەگـەری ڕووبەڕووبوونـەوەی یانە گەورەکان ڕزگاری بووە:**

| | |
|---|---|
| بایرن میونشن | 7 جار |
| بارسێلۆنا | 6 جار |
| یوڤانتۆس | 6 جار |
| پاریس سانجێرمان | 6 جار |
| ئارسینال | 5 جار |
| مانچێستەر ستی | 3 جار |
| ئینتەرمیلان | 3 جار |
| ئەی سی میلان | 2 جار |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید | 2 جار |

سیماکانی شۆڕشە ئارامەکەی کلۆپ لەگەڵ لیڤەرپوول دەرکەوتن..

# لیڤەرپوول دەبێتە لیدەرپوول




«زیاتر لە 20.5%ی شووتەکانی لیڤەرپوول دەبنە گۆڵ»

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

یۆرگـن کلـۆپ، ڕاهێنـەری ئەڵمانـی پێویسـتی بە کەمتر لـە 14 مانگ بوو، بۆ ئەوەی وەشانێکی بەهێزی لیڤەرپوول دروست بـکات و بیگەینێتە لوتکـەی خولی نایابی ئینگلیزی، کە ئێسـتا بووەتـە پاڵێوراوێکی بەهێـز بۆ بەدەسـتهێنانی نازناوەکە، کە لە ساڵی 1990ەوە لە لیڤەرپوول دوورە.

ڕۆژنامەکانی بەریتانیا ناوی لیڤەرپوولیان بۆ «لیدەرپـوول» گۆڕی، دوای ئەوەی خۆی گەیاندە لوتکە، (مەبەستیان ئەوەیـە کـە لیڤەرپـوول لـە ڕێگەیە ببێتەوە سـەرکردەی یانەکانـی پریمەرلیـگ) بەمـەش پشـکەکانی بۆ بەدەسـتهێنانی نازناوەکە بەرزبووەوە، هەرچەندە کلۆپ دوای تێپەڕبوونی 19 گەڕ کەسێکی ئـارام و هێمنـە، دووپاتیشـی دەکاتـەوە ئامانجـی بـە پلـەی یەکەم، گەیشتنە بە چامپیۆنسلیگ.

کلۆپ دوای بردنەوە گەورەکەی تیپەکەی بەسـەر واتفـۆرد بە ئەنجامـی 6 ـ 1 گۆڵ، گوتی «کە گەیشـتمە ئێرە داوای ئارامگرتن و متمانـەم کرد، بەڵام ئێسـتا هەموو داوای گرەنتی بەدەستهێنانی نازناوەکەم لێدەکەن، بەڵام هیچ گرەنتییەک نییە». بەڵام گرەنتی ڕوون ئەوەیـە، لیڤەرپـوول تۆپـی پێیەکی هێرشـبردنی بەتاموچێژ پێشکەش دەکات، کە تەنیا هەڵەکانـی هێڵی بەرگری کەمێک بێتامـی کـردووە، بۆیـە بـەردەوام گۆڵـی لێدەبێـت. دەتوانیـن سـیماکانی شۆڕشـە ئارامەکەی کلۆپ لـە چەند خاڵێکدا پوخت بکەینەوە:

### هێرشبردنی ئاگرین

هێزی سێیانەی هێرشبردنی لیڤەرپوول، کۆتینیۆ، فێرمینۆ و سادیۆ مانی، هیچیان لە بەهێزی MSN و BBCی بارسـێلۆنا و ریال مەدریـد کەمتر نییە. مانی ئەو دەسـتەوارە سـەرکەوتووە 8 گۆڵـی تۆمارکـردووەو 5 گۆڵیشی دروسـتکردووە، فێرمینۆ 6 گۆڵی تۆمارکردووەو 4 گۆڵیشـی دروسـتکردووە، کۆتینیۆ 5 گۆڵی تۆمارکردووە و 5 گۆڵیشی دروستکردووە، هەرچی ئادەم لالانایە 5 گۆڵی دروستکردووە. لیڤەرپوول بەرامبەر واتفۆرد ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمارکرد، دوای ئەوەی 17 تۆپی ئاراسـتەی گـۆڵ کرد، بەهێزترین هێرشـبەرە لە پریمەرلیگ بـە تۆمارکردنی 46 گۆڵ (تاوەکو گەڕی 19)، کاراترینیشـە بۆ سـەر گۆڵ (20.5% شـووتەکانی دەبنە گـۆڵ)، زۆرترین تۆپیشـی ئاڕاسـتەی گۆڵ کـردووە (185 لێـدان)، زۆرترین دەرفەتی گۆڵ تۆمارکردنیشـی ڕەخساندووە، کە 195 دەرفەتە.

### کۆنترۆڵکردنی تۆپ

لیڤەرپوول لە پاسـی بـە دیقەتیش هەر یەکەمـە (8595 پاسـی دروسـت)، دووەم باشـترین تیپیشـە لە کۆنترۆڵکردنی تۆپدا (61.21%)، دووەم باشـترین تیپیشـە لـە پچڕاندنـی تۆپـدا (727 تـۆپ) و کەمترین تۆپیـش ئاراسـتەی گۆڵەکەی کـراوە، کە تاوەکو ئێستا تەنیا 105 لێدانە.

### کەسایەتی بەهێز بەرامبەر گەورەکان

یۆرگـن کلـۆپ لـە ڕووبەڕووبوونەوەی خۆزێ مۆرینیۆ، ئەنتۆنیۆ کۆنتی، کلاودۆی ڕانییێـری، ئارسـین ڤینگـەر، لویـس ڤان گال، مانوێـل پیلیگرینی و پیپ گواردیۆلا نەترسـاوە، بۆیـە دەسـتی بـە خەونـی بەدەستهێنانی نازناوی پریمەرلیگ گرتووە، بـۆ ئەوەی دۆڕانی یاری کۆتایی یۆرۆپالیگ و جامی ڕابیتەی وەرزی ڕابردوو بسڕێتەوە، کە یەکەم وەرزی بوو لەگەڵ تیپەکەدا. ئەمە لە کاتێکدایە کە هێشتا لە پلەی دووەمدایە و چێڵسی زۆر بەهێزەوە پێشەنگی گرتووە.

### پێشەوا کۆتینیۆ

ئاسـتی یاریزانی بەرازیلی، فیلیپتینیۆ لەگەڵ کلۆپ بەشـێوەیەکی بەرچاو پەرەی سـەندووە، بۆیـە کردوویەتییـە پێشـەوا راسـتی تیپەکە، ئەویش بە تۆمارکردنی 5 گۆڵ و دروستکردنی 5 گۆڵ درەوشانەوەی خـۆی سـەلماند، ئاسـتی کۆتینیـۆ لـە وەرزی ڕابردووەوە دەسـتی بە گەشەکردن کردووە، دوای ئـەوەی 7 گۆڵی تۆمارکرد، کە هەمووی لە دەرەوەی هێڵی سـزا بوو. ئەگەرچی ئەو یاریزانە بۆ ماوەی 3 هەفتەیە بەهۆی پێکانەوە نەیتوانیوە یاری بکات.

### نەرمی لە پلانەکان

لە یەکەم یارییـەوە تاوەکو گەڕی 13، کلۆپ پشـتی بە 6 یاریـزان لە پێکهاتەی سـەرەکی بەستووە: کلاین، میلنەر، لالانا، کۆتینیـۆ، لـۆکاس و ئیمری جـان، بەڵام پلانەکـەی لـە 4 ـ 2 ـ 3 ـ 1 بـۆ 4 ـ 3 ـ 3 گۆڕی. کلۆپ هەمووانی سەرسـامکرد، کاتێک لە باڵی چەپ یاری بە میلنەر کرد، لالانـا و ڤیالدۆمـی گێڕایەوە ناوەڕاسـت و فێرمینۆشـی کردە هێرشبەرێکی خەیاڵی، بەمەش کەمتر پشـتی بە سـتۆریدج وەک سـەرەڕم بەسـت، کە لە 9 گەڕی یەکەمدا گۆڵی تۆمار نەکرد.

بەهەمان دەردی ڕۆبینیۆ، شنایدەر و ئۆزێل دەچێت..

# ڕۆدریگز بەر نەفرەتی ژمارە 10ی شاهانە کەوتووە



**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

هەندێـک لـە هەوادارانـی خامیـس ڕۆدریگزی ئەستێرەی کۆلۆمبی، پێیانوایە ئـەو یاریزانـەش وەک چەنـد یاریزانێکی پێش خـۆی بـەر نەفرەتـی لەبەرکردنی درێسـی ژمارە 10ی یانـەی ریال مەدریدی ئیسـپانی کەوتووەو بەهۆیـەوە نەیتوانیوە لەگەڵ یانەی شاهانە سەرکەوتوو بێت.

ڕۆدریگـز، ئێسـتا کاتێکـی بـاش لەگـەڵ یانـەی شـاهانە بەڕێنـاکات و هێشـتا چارەنووسـی دیار نییـە، کە خۆی گوتوویەتی «بیر لە ڕۆیشتن لە ریال مەدرید دەکەمـەوە». بۆیـە ئەگـەری زۆر هەیـە لە میرکاتۆی زسـتانەدا لە ریـال مەدرید بڕوات یان لەوانەشـە ڕۆیشتنی بۆ میرکاتۆی هاوینە دوا بکەوێـت، کە هـەر کامێکیان بێت، مانای سەرنەکەوتنی ئەزموونی ڕۆدریگز لەگەڵ ریال مەدریـد دەگەینێـت. کـە هەندێـک پێیانوایە هۆکارەکـەی زەینەدین زیدانـی ڕاهێنەرە، بەو پێیـەی متمانـەی پـێ نییـەو وەک پێویسـت دەرفەتـی یاریکردنی پێنەداوە، بەڵام هەندێکی دیکە پێیانوایە ڕۆدریگزیش بەر نەفرەتی درێسی ژمارە 10ی ریال مەدرید کەوتووە، چونکە پێش خۆیشـی چەندین یاریـزان بـە لەبەرکردنی ئەو درێسە نەیانتوانیوە لە ریال مەدرید سەرکەوتوو بن.

ڕۆبینیـۆی بەرازیلـی، کـە لـە وەرزی 2005 ـ 2006 پەیوەنـدی بـە ریال مەدریـدەوە کرد، هەمـووان هیوایان بەو ئەسـتێرەیە بـوو، بەڵام نەیتوانـی سـەرکەوتوو بێت و لـە 2008 بەرەو مانچێستەر ستی ئینگلیزی ڕۆیشت.

ئەمجارەیـان نەفرەتەکـە گەیشـتە ویسلی شنایدەری ئەستێرەی هۆڵەندی کە دوای ڕۆبینیۆ ئەو درێسەی وەرگرت، بەڵام ئەویش سەرکەوتوو نەبـوو، بە ناچاری بـەرەو ئینتەرمیلانی ئیتاڵی ڕۆیشت.

دواتـر هەمـان ئەنجام لەگەڵ لاسـانا دیارای فەرەنسـی دووبارە بووەوە، کە لەدوای شنایدەر درێسـەکەی وەرگرت و لە 2011 ریزەکانی ریال مەدریدی جێهێشت.

ئەمجارەیان نۆرە گەیشـتە مەسـعود ئۆزێلی یاریزانـی کـوردی ئەڵمانی، کە دوای ڕۆیشـتنی لاسـانا ژمارەی درێسەکەی کە 23 بوو بە ژمارە 10ی گۆڕییـەوە، بەڵام ئەوەندەی نەبرد ئەویش لە 2013 بەرەو ئارسیناڵی ئینگلیزی ڕۆیشت.

ئەگەر خامیس لە ریال مەدرید نەشمێنێت ژن و کچەکەی لەو شارە ناڕۆن..

# زیدان نێوانی ڕۆدریگز و ژنەکەی تێکدەدات

**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

ڕۆژنامەی سـپۆرتی ئیسپانی، ئاشکرایکرد بەهۆی مامەڵـەی زەینەدین زیدانی ڕاهێنەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لەگەڵ خامیس ڕۆدریگـزی ئەسـتێرەی کۆلۆمبـی، ناکۆکـی کەوتووەتـە نێـوان خامیـس و ژنەکـەی، چونکـە خامیس دەیەوێ لـە مەدرید بڕوات و ژنەکەیشـی نایەوێ مێردەکەی لەو یانە و لەو شارە بڕوات.

بەپێـی ئـەو ڕۆژنامەیـە، کە لـە هەرێمی کەتالۆنیـا دەردەچێـت، دانییێـلا ئۆسـپینای هاوسـەری ڕۆدریگـز بـە ئاشـکرا ناڕەزایی و تووڕەبوونی خۆی لە مێردەکەی ڕاگەیاندووە، دوای ئـەوەی بیسـتوویەتی کـە ڕۆدریگز بە ڕۆژنامەکانـی گوتـووە «من لـە ریال مەدرید دەڕۆم».

ڕۆژنامەی سپۆرت، لە درێژەی هەواڵەکەیدا لـەو بـارەوە دەڵێـت «دانییێـلا زۆر بـە تووڕەیی قسـەی لەگەڵ مێردەکەی کردووەو پێیگوتـووە هیـچ ڕازی نیم بـەو بڕیارەت، پێویسـتە لە ریال مەدرید بمێنیتەوە، بەڵام خامیـس پێیگوتووە دەبێ بـڕۆم، چونکە زیدانـی ڕاهێنەر بەهای من نازانێت و ڕێزم لێناگرێت». هەروەها سپۆرت نووسیویەتی «دانییێلا بە ڕۆدریگزیشـی گوتووە تۆ بە خۆت بڕیارەکان دەدەی و هیچ حسابێک بۆ من و سالۆمی کچەکەمان ناکەی».


هـەر بەپێـی ئـەو سـەرچاوەیە، ئەگەرێکـی زۆر هەیـە، بـەم هۆیـەوە ناکۆکییەکانـی نێـوان خامیـس و ژنەکـەی گەورەتر بن، چونکە دانییێلا ئۆسـپینا بـە ئاشـکرا گوتوویەتـی «ئەگـەر ڕۆدریگـز بـە تەنیـاش جێمانبهێڵێت من و کچەکەم هەر لە مەدرید دەمێنینەوە».



## راستە

دییگۆ سیمیۆنی راهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاستکردەوە کە باس لەوە دەکەن گوایە لە میرکاتۆی هاوینی رابردوودا یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید زۆر هەوڵیداوە دییگۆ کۆستای هێرشبەری ئیسپانی بەڕەگەز بەرازیلی بگەڕێنێتەوە ریزەکانی خۆی. لەو بارەوە سیمیۆنی بە رۆژنامەی دەیلی ئێکسپرێسی بەریتانی راگەیاند «راستە، من و ئیدارەی ئەتلەتیکۆ مەدرید هەموو شتێکمان کرد بۆ گەڕاندنەوەی دییگۆ کۆستا، بەڵام چێڵسی داوای 180 ملیۆن پاوەندی دەکرد، واتە نەیدەویست بیفرۆشێت».

69



# لە پشت پەردەوە

لەم گۆشەیەدا، بە چەند ئەڵقەیەک هەندێک نهێنی پشت پەردەی ئەستێرەکانی تۆپی پێ دەخەینەڕوو، کە ئەو ئەستێرانە یان نووسەرانی دیکە لە یاداشتەکانیاندا ئاشکرایانکردووە.

## لیۆنێل مێسی

**تەواوی بەسەرهاتەکانی ژیانی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، لە چەند ئەڵقەیەکدا دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی (رووداوی وەرزشی):**

### کارتی سوور و گریان و نیگەرانی (هاوینی ئیتاڵیا)

خۆسێ بێکرمان، راهێنەری تیپی یەکەمی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، حەزی دەکرد پاداشتی مێسی بداتەوە، لەسەر ئەو ئاستەی لە مۆندیالی خوار تەمەنی 20 ساڵی پێشکەشی کرد، بۆیە بڕیاریدا بۆ یاری دۆستانە بەرامبەر هەنگاریا لە بودابست لە ئابی 2005 بانگهێشتی بکات. مێسی تەنیا 92 چرکە لەنێو یاریگە بوو، کاتێک بەرگریکاری هەنگاری فیلمۆس فانزاک ویستی بە هاتنە سەرێکی بەهێز و گرتنی درێسەکەی رایگرێ، بەڵام مێسی هەوڵیدا بە دەستی خۆی رزگار بکات، بەڵام دەستی بەر قورگی فیلمۆس کەوت، کە خۆی بەردایەوەو دەستی بە دەموچاوییەوە گرت. مارکۆس مێرکی ناوبژیوان چووە لای و کارتی سووری بە رووی مێسی و کارتی زەردیشی بە رووی فیلمۆس بەرزکردەوە، هەرچەندە یاریزانانی ئەرجەنتین رەخنەیان گرت، کەچی لیۆ باوەڕی بە شتەکە نەدەکرد و لە کاتی چوونە دەرەوەی، وەک سەرلێشێواو سەیری پەیژەکانی یاریگەی دەکرد، لەنێو ژووری جلگۆڕینیش لەبەر تووڕەیی و پەستی وەک منداڵ گریا. خانمە رۆژنامەنووس کریستینا کۆبیرۆی تایبەت بە هەواڵەکانی بارسێلۆنا، لەبارەی رووداوەکەوە دەڵێت «دەزانی کێ لەسەر پەیژەکان بوو؟ خۆزێ مۆرینیۆ کە سەیری یاریزانێکی دەکرد، لەبارەی رووداوەکە پرسیارم لێیکرد؟ گوتی: شێتییە، ناوبژیوانان شێتن، چۆن دەتوانن ئەوە بە مێرمنداڵێکی وا باش بکەن؟ پێیبڵێ نیگەران نەبێت و ئارام بێتەوە». کە یاریزانەکان روویان کردە ژووری جلگۆڕین، دوای بردنەوەی لە هەنگاریا بە 2 گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک، مێسی هێشتا بە تەنیا لە سووچێک دەگریا، بە گوێرەی وتەکانی کۆبیرۆ کە دەڵێت»هەموو چوون بۆ پاراستنی و هاندانی، دەیانویست وا دەربخەن ئەو بە کردەوە بووەتە یەکێک لەوان، دەبوایە ئەوە بزانێ ئەو شتانە هەر روودەدەن».

ئەو هاوینە هیچ جوان نەبوو، مێسی وەرزی تازەی دەستپێکرد، بێئەوەی بتوانێت بەشداری لە لیگادا بکات، کە ئەوکات بەناوی (کێشەی مێسی) ناسرا، وەک ئەوەی رۆژنامەی سپۆرت وەسفی دەکات، بارسێلۆنا 4 یاریزانی لە دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا هەبوو، ئەوانیش لیۆ، رۆناڵدینیۆ، رافائیل مارکیز و سامۆیل ئیتۆ بوون، بەڵام یاساکان تەنیا رێگەیان بەبوونی 3 یاریزان دەدا.. بەڵام لیۆ چۆن توانی وەرزی رابردوو بەشداری 7 یاری بکات؟. هەنجەتی بارسێلۆنا ئەوەبوو مێسی (نیمچە وڵاتینامەی ئیسپانیای پێدراوە)، ئەو دەستەواژەیە لە رێساکانی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیادا هەیەو پەیوەستە، بە یاریزانێک کە لە دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا لە دایک بووبێت، بەڵام دواتر 5 ساڵی لە کەرتی تازەپێگەیشتووانی یانەیەک بەسەر بردبێت.. راستییەکەی شتەکان بۆ یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا روون نەبوون، چونکە ئەو بنەمایە زۆر روون بوو، ئەوەش بە یەکجاری چارە نەکرا، تەنیا دوای ئەوەی گۆڕان لە رێساکاندا کرا لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای وەرزشەوە، هەموو ئەوانە لەو کاتەی یویفا هیچ بەربەستێکی لەبەردەم بەشداریکردنی مێسی لەسەر ئاستی ئەورووپا دانەناوە. هەموو ئەو شتانە پاڵیان بە بارسێلۆناوە نا بیر لە دانی لیۆ بەخواستن بکاتەوە، تاوەکو کێشەکە تەواو دەبێت، بەڵام یاری پاڵەوانیەتی خوان گامبەری دۆستانە، کە لە 2005/8/24 بەرامبەر یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی بە سەرپەرشتی فابیۆ کاپیلۆ ئەنجامدرا، رۆڵی لە گۆڕینی ئەو بۆچوونە هەبوو، دوای ئەوەی مێسی درەوشایەوەو گۆڵێکیشی دروستکرد، لە باڵەکان و ناوەڕاست زۆر ترسناک بوو، تۆپی بەنێو قاچەکانی فابیۆ کاناڤارۆ رەتکرد، تۆپیشی لە پاتریک ڤیێرا پچڕاند و بووە هۆکاری وەرگرتنی کارتێکی زەرد.. لەگەڵ زۆر شتی دیکە.



## سۆنگ نهێنییەکی دیکەی رزگاربوونی مەرگی ئاشکرا دەکات..

# سەگەکەی لە مردن رزگاریکردووە



**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

رۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ ئەستێرەی کامیرۆنی، ریگۆبێرت سۆنگ بڵاوکردەوە، کە چەند هەفتەیەک پێش ئێستا زۆر لە مردن نزیکبوو، دوای ئەوەی تووشی جەڵتەی مێشک بوو.

سۆنگ ئێستا بووەتە ئێسکەپەیکەر، دوای ئەوەی بەشێکی زۆر لە کێشی لەشی لەدەستدا، کێشی ئێستا بووەتە تەنیا 60 کیلۆگرام، هێشتاش چارەسەری وەردەگرێت، بۆ ئەوەی لە کاریگەری نەرێنی جەڵتەی مێشک و بێهۆشی رزگاری بێت. سۆنگ نهێنییەکی رزگاربوونی خۆی لە مردن ئاشکراکرد و گوتی «سەگەکەم منی لە مردن رزگارکرد، دوای ئەوەی منی بینی بێ جوولە لەسەر زەوی کەوتووم، هەستی بە ترس کردو دەستی بە وەڕینی بەردەوامکرد، ئەوە رۆڵی لە هەراسانکردنی دراوسێکان هەبوو، ئەوانەی بۆیان دەرکەوت من بێهۆش کەوتووم». هەروەها گوتیشی «لە بەختی خۆم دەرگەم بە کراوەیی جێهێشتبوو، چونکە چاوەڕێی گەیشتنی هەندێ مێوانم دەکرد، ئەوەش یارمەتی دراوسێکانمی دا بێنە ماڵەکەم، بۆ ئەوەی لە هۆکاری وەڕینی بەردەوامی سەگەکەم بگەن». سۆنگ ئەوەشی گوت «ئەگەر سەگەکەم نەبووایە من ئێستا مردبووم، ئەگەر دەرگەش نەکرابایەوە، لە کاتی بێهۆشبوونم هەر لە ماڵەوە دەمامەوە تاوەکو دەمردم».

سۆنگ لە درێژەی قسەکانیدا، گوتی «کە لە بێهۆشی بەئاگا هاتمەوە بینیم کێشم بووەتە 60 کیلۆگرام، ئەوەش بۆ کەسێکی زەبەلاحی وەک من باوەڕ پێنەکراوە».

سۆنگ هەروەها گوتیشی «ئێستا کێشم زیادی کردووە، رۆژ لە دوای رۆژ باشتر دەبم». سۆنگ دووپاتی کردەوە لە کاتی بێهۆشیدا باوکی لە خەودا بینیوە، کە لە مێژە مردووە و ئەوکات سۆنگ تەمەنی 9 ساڵان بوو، باوکی پێی گوتووە «تۆ لێرە چی دەکەی؟». سۆنگ هێشتا لە قۆناخی چاکبوونەوەدایە، لەو نەخۆشخانە لێیەتی لە فەرەنسا خەڵکێکی زۆر سەردانی دەکەن، دوای ئەوەی بۆ تەواوکردنی پشکنینەکان گواسترایەوە ئەورووپا.

# کرۆس پیا...

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

لە ئەڵمانیا ساڵانە (پیاوی ...
دەستنیشان دەکرێت. ئەمساڵ نازناو...
ئەستێرەی ریاڵ مەدرید بوو. ئە...
میونشن 2 ساڵ پێش ئێستا ب...
بەهای بۆندەکەی دەستەبەرداری ...
دەستکەوتی بەدەستهێناوە، ...
دیکەی ئەڵمانی پێشی نەکەوتوو...
لەوەتەی ساڵی 1990 گۆڤا...
دەستی بە دەستنیشانکردنی کە...
ساڵ) لە تۆپی پێی ئەڵمانی کر...
ساڵ یاریزان یان راهێنەریش ...
لۆفی راهێنەری مانشافت سا...
یۆرگن کلۆپ راهێنەری پێشو...
2012 بەدەستیان هێناوە.
بیانیش نازناوی پیاوی ساڵ لە...
بەدەستبێنێت، وەک فرانک ری...
ساڵانی 2008 و 2013 نازناوەکەی بەد...
ئەمساڵ ئەو گۆڤارە بەناوبانگە تۆنی کرۆس...
ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی ئ...
مەدریدی دەستنیشانکرد، ببێتە پیاوی ساڵ ل...
ئەوەش لەبەر چەند پێوەرێک.

"پیاوی ساڵ ل...
نابێت خۆپە...
بەرژەوەندخ...



## سەیر و سەمەرەکانی پرێمەرلیگ..

# ئەلیکسیس گۆندۆگان ناناسێت



**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

ئەلیکسیس سانچێزی ئەستێرەی چیلی یانەی ئارسیناڵی ئینگلیزی هەوادارانی تۆپی پێی ئینگلیزی تووشی شۆک کرد، دوای ئەوەی دەرکەوت کە ئیلکای گۆندۆگانی ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی مانچێستەر ستی ئینگلیزی ناناسێت.

رووداوەکە لە یاری نێوان مانچێستەر ستی و ئارسیناڵ لە گەڕی 17ی پرێمەرلیگدا روویداوە، کە لەو یارییەدا یاریزانانی یانەی مانچێستەر ستی وەک پشتگیرییەک بۆ ئیلکای گۆندۆگانی هاوڕێیان، کە تووشی پێکانێکی قورس بووە، ناوی ئەو یاریزانەیان لەسەر درێسی خۆیان دانابوو، کەچی سانچێز نەیزانیوە ئەو یاریزانە کێیە، سەرەڕای ئەوەی یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیای پاڵەوانی جیهانە.

لەو بارەوە کلاودیۆ براڤۆی گۆڵپارێزی چیلیی یانەی مانچێستەر ستی، ئاشکرایکرد «بەر لە یاری نێوان ئارسیناڵ و مانچێستەر ستی، سانچێز خۆی لێ نزیککردمەوەو پێیگوتم ئەو یاریزانە ژمارە 8 کێیە، کە هەموو یاریزانانی مانچێستەر ستی ناوی ئەویان لەسەر درێسی خۆیان نووسیوە؟ منیش پێم سەیر بوو، پێمگوت ئەوە گۆندۆگانە، کەچی پێیگوتم گۆندۆگان کێیە؟ گوتم یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیایە، چۆن نایناسی؟! ئەویش پێیگوتم بەڕاستی هیچ شتێک لەبارەی ئەو یاریزانە نازانم».

ئەو بەسەرهاتەی سانچێز، هەمووانی تووشی سەرسوڕمان کرد و پرسیاری زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، هەندێک دەیانپرسی دەبێ مەبەستی سانچێز بۆ ئەوە نەبووبێت لە ناوبانگی گۆندۆگان کەم بکاتەوە؟! هەندێکیشیان پێیانوابوو سانچێز بێجگە لە یارییەکانی تیپەکەی بایەخێکی ئەوتۆ بە تیپەکانی دیکە نادات و سەیری یارییەکانیان ناکات. چەندین لێکدانەوەی دیکەش.

## جوانترین لێدوان...



ئەوانەی دەڵێن ئەنجامەکانی زیدان بەهۆی شانسەوە بوونە حەسوودی پێدەبەن، پێشتر ئەوەیان بە منیش گوتووە

ڤیسێنتێ دیل بۆسکی
(راهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی ئیسپانیا)




یاریزانانی وەک رۆناڵدۆم خۆش دەوێن کە فرمێسک بۆ تیپەکانیان دەڕێژن، بەڕای من پورتوگال بەهۆی فرمێسکەکانی رۆناڵدۆ لە فینالی یۆرۆدا بووە پاڵەوانی ئەورووپا

سامۆیل ئیتۆ
(کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی کامیرۆن)



زۆر راشکاوانە دەیڵێم ئاستی مێسی زۆر دوورە لە ئاستی هەموو یاریزانانی دیکە، تەنیا 10 خولەکی پێویستە بۆ ئەوەی راستی قسەکانم بسەلمێنێت

تارق زیاب
(شرۆڤەکاری بی ئێن سپۆرت)



هاوسەر و منداڵەکانم ناچاریان کردم واز لە یاریکردن بێنم، ئەگەرنا دەمتوانی تاوەکو تەمەنی 40 ساڵی بە ئاستێکی بەرزەوە بەردەوام بم

میرۆسلاف کلۆزە
(هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا)



خشتەی یارییەکانی پرێمەرلیگ لە کریسمێسدا زۆر نادادپەروەرانەیە، ئارسیناڵ لە 3 رۆژدا 2 یاری کرد، کەچی چێڵسی 7 رۆژ پشووی هەبوو

ئارسین ڤینگەر
(راهێنەری یانەی ئارسیناڵ)



مێسی بە هیچ یاریزانێکی ئێستا و جارانیش بەراورد ناکرێت، کەس وەک ئەو نابێت، سەیرە گوندۆرە زێڕینەکان بکرێنە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی مێسی

لویس ئێنریکی
(راهێنەری یانەی بارسێلۆنا)



## بڕوا ناکرێت

هنریک مخیتاریانی یاریزانی ئەرمینی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، پەسنی هاوڕێی سویدییەکەی، زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی داو رایگەیاند ئەو ئاستەی ئەو بەو تەمەنەوە پێشکەشی دەکات، باوەڕ پێکراو نییە. هێرشبەری ئەرمینی لەبارەی زلاتانەوە گوتی «ئەوەی زلاتان لەنێو یاریگەدا پێشکەشی دەکات، ئاستی یاریزانێکی تەمەن 35 ساڵی نییە، بەڵکو هەستدەکەی یاریزانێکی گەنجە، بەڕاستی یاریزانێکی گەورەیە و کاری گەورەو بڕوا پێنەکراو ئەنجامدەدات، شانازی بەوە دەکەم کە لەگەڵ ئەو یاری دەکەم».

زانیاری تازە لەسەر کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی چاپیکۆینسی..

# چاوچنۆکی خاوەن فڕۆکەکە هۆکاری کارەساتەکە بووە



**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

ئەو فڕۆکەیەی یانەی چاپیکۆینسی بەرازیلی هەڵگرتبوو، لەسەر خاکی کۆلۆمبیا کەوتە خوارەوە، لەگەڵ ئەودا چەندین نهێنی جۆراوجۆر و تازەش کەوتنە خوارەوە.

### پارەیان کۆکردووەتەوە

ڕۆژنامەی سۆل دی پاندۆی بۆلیڤی ئاشکرایکردووە، یاریزانانی یانەی ئەتلەتیکۆ ناسیۆناڵی کۆلۆمبی، پارەیان کۆکردبووەوە بۆ ئەوەی بەنزین بۆ ئەو فڕۆکەیەی سەر بە کۆمپانیای (لامیا) بۆ فڕۆکەوانی بکڕن، لە کاتی گەشتەکەیان لە ئەسونسیۆنی پایتەختی پاراگوایەوە بۆ شاری میدیینی کۆلۆمبی، ڕۆژنامەکە لە ژمارەی ئەلیکترۆنی خۆیدا دەڵێت «یاریزانانی تیپەکە کۆلۆمبییەکە، ئەوکاتەی لەسەر پشتی فڕۆکە بوون، بڕی 2870 یۆرۆیان کۆکردەوە، کە بۆ تێکردنی بڕێکی دیکە بەنزین لە شاری کۆبیخا لە باکووری بۆلیڤیا پێویست بوو»، فڕۆکەی ناوبراو ڕۆژی 2016/11/28 کەوتە خوارەوەو تێکشکا، کە ئەندامانی تیپی چاپیکوێنسی بەرازیلی هەڵگرتبوو، لە ئاکامدا 76 کەس گیانیان لەدەستداو تەنیا 6 کەس ڕزگاریان بوو.

### چاوچنۆکی خاوەنی فڕۆکەکە هۆکار بووا!

هەمان ڕۆژنامە لەسەر بڵاوکردنەوەی هەندێ ڕاستی و وێنە بەردەوام دەبێت، کە تێیدا یاریزانانی ئەتلەتیکۆ ناسیۆناڵ لەگەڵ بزنسمانی ڤەنزوێلی، ریکاردۆ ئەلباسیتی خاوەنی فڕۆکەکە دەردەکەون، ڕۆژنامەکە دووپاتی دەکاتەوە ئەلباسیتی ڕازی نەبووە پارەی پێویست بۆ کڕینی بەنزین بۆ فڕۆکەکە بدات، بۆیە یاریزانەکان ناچاربوونە بڕی 2870 یۆرۆ بۆ کڕینی بەنزینی زیاتر کۆبکەنەوە، ڕۆژنامەی سۆل دی پاندۆ ئاماژە بەوەش دەکات، ئەلباسیتی بەردەوام فشاری دەخستە سەر فڕۆکەوانەکان، بۆ ئەوەی بە کەمترین بەنزین گەشتەکانیان ئەنجام بدەن، بێئەوەی پەنا بۆ تێکردنی بەنزینی زیادە ببەن.

### کێشی زیادیش هۆکارێکی دیکە بوو

دەستەی فڕۆکەوانی مەدەنی لە کۆلۆمبیا، بەمدواییە ڕاپۆرتێکی سەرەتایی بڵاو کردووەتەوە، کە تێیدا باس لەوە دەکات، کێشی زیاد و کەمی بەنزین دوو هۆکاری سەرەکی کەوتنە خوارەوەی ئەو فڕۆکەیەن لە کۆلۆمبیا، لەو کاتەی تیپی چاپیکوێنسی لە ڕێگەدا بوون بۆ شاری میدیینی کۆلۆمبی، بۆ ئەنجامدانی یاری چوونی کۆتایی پاڵەوانیەتی کۆپا سود ئەمریکانا، بەرامبەر ئەتلەتیکۆ ناسیۆناڵ لە 2016/11/30، ئەمەو یەکێتی تۆپی پێی ئەمریکای باشوور (کۆنمیبۆل) یانەی چاپیکوێنسی بە پاڵەوانی دوایین وەشانی پاڵەوانیەتییەکە دەستنیشانکرد، وەک ڕێزلێنانێک لە قوربانیانی ئەو ڕووداوە.

بە پارەی چینییەکان دەتوانێت 5 شت بکڕێت..

# تیڤێز.. گەورەترین بوومەلەرزە لە جیهانی تۆپی پێدا



**ڕووداوی وەرزشی ـ THE SUN**

دوای ئەوەی هێرشبەری ئەرجەنتینی قاڵبوو کارلۆس تیڤێز، واوژووی بۆ یانەی شەنگهای شینهوای چینی کرد، بە دەستەوارەیەکی گواستنەوەی ئازاد، بە مووچەی هەفتانە کە بە 615 هەزار پاوەند مەزەندە دەکرێ.

ڕۆژنامەی THE SUNی بەریتانی لە راپۆرتێکیدا 5 شتی گرانبەهای پێشنیاز کردووە، کە ئەپاچی دەتوانێت بیانکڕێت. تیڤێز کە بەمدواییە ریزەکانی یانەی بۆکا جۆنیۆرزی ئەرجەنتینی جێهێشت، بووە خاوەن بەرزترین مووچە لە جیهان و مێژووی تۆپی پێدا، دوای چوونی بۆ خولی چینی، بەمەش زەوی لەرزینێکی تازە لە جیهانی تۆپی پێ روویدا، دوای کەمتر لە هەفتەیەک بەسەر ڕۆیشتنی یاریزانی بەرازیلی ئۆسکار، لە یانەی چێلسییەوە بۆ شەنگهای سیپیچی چینی بەرامبەر 60 ملیۆن پاوەند، بە مووچەی هەفتانەی 400 هەزار پاوەند.


بە گوێرەی راپۆرتەکەی THE SUN بێت، تیڤێز دەتوانێت 5 شتی کات بەسەربردن بکڕێت، کە کەم کەس لە سەرتاسەری جیهاندا دەتوانن بەدەستیان بێنن، تیڤێز دەتوانێت ڕۆژانە و بۆ ماوەی یەک ساڵ ئۆتۆمبێلێکی تازە لە جۆری (پۆرش کاریرا 911) بکڕێت، نرخی ئەو ئۆتۆمبێلە 81398 پاوەندە. هەروەها تیڤێز بەو پارەیە دەتوانێت دورگەیەکی تایبەت لە وڵاتی (بلیز) بکڕێت و لەوێ بژیت، کە نرخەکەی 2.3 ملیۆن پاوەندە، دەشتوانێت هەموو ڕۆژێک کاژێرێکی تازە لە جۆری (ڕۆلیکس) بکڕێت، هەرچەندە کاژێرێکی بە نرخە و خۆی لە 30800 پاوەند دەدات.

بێجگە لەمەش ئەپاچی دەتوانێت بەو پارەیە هێلیکۆپتەرێک لە جۆری (ڕۆبنسۆن ئار 66) بکڕێت، کە نرخی دانەیەکی 475000 پاوەندە، زێدەباری ئەوەی دەتوانێت بیر لە کڕینی قەڵایەک بکاتەوە، کە لە 70 ژوور پێکهاتووەو نرخەکەشی 12.6 ملیۆن پاوەندە.

«تیڤێز دەتوانێت لە ڕۆژێکدا ئۆتۆمبێلێک و لە هەفتەیەکدا هەلیکۆپتەرێک و لە مانگێکدا قەلایەک بکڕێت»

سوارێز و ڕۆناڵدۆ زۆر لەدواوەن..

# نەیمار لە چی باشترینی 2016ی لالیگا بوو؟



**ڕووداوی وەرزشی ـ BARCA4EVER**

نەیمار دا سیلڤا، یاریزانی بەرازیلی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی لە ڕووی یارییپێکردنی یاریزانی بەرامبەرەوە، باشترین یاریزانی 2016ی لالیگا بوو، لەدوای ئەویش لیۆنێل مێسی هاوڕێی بە پلەی دووەم دێت.

ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا ئامارێکیان بڵاوکردووەتەوە، تێیدا ریزبەندی ئەو یاریزانانە دیار دەکات کە لە ساڵی 2016 لە خولی ئیسپانیادا زۆرترین یارییپێکردن بە یاریزانی بەارمبەریان هەبووە.

بەپێی ئەو ئامارانە، نەیمار لەو ڕووەوە باشترین یاریزانی لالیگا بووە، کە 63 یارییپێکردنی سەرکەوتووی هەبووە، لەدوای ئەویش، لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی کەتالۆنی بە 44 یارییپێکردنی سەرکەوتوو پلەی دووەمی بەدەستهێناوە، لە کاتێکدا لویس سوارێزی هێرشبەری ئۆرۆگوایی، کە لەگەڵ نەیمار و مێسی سێکوچکەی MSNی بارسێلۆنا پێکدەهێنێت، لەو ڕووەوە زۆر لە هەردوو هاوڕێکەی دووربووەو تەنیا 18 یارییپێکردنی سەرکەوتووی هەبووە.

لەوەش سەیرتر ئاماری کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانییە، کە ئەمساڵ چوارەمین باڵۆن دۆری بردەوەو بەهێزترنی پاڵێوراویشە بۆ بردنەوەی خەڵاتی باشترین یاریزانی فیفا لە 2016، ئەو تەنیا 9 یارییپێکردنی سەرکەوتووی هەبووە، کە ڕێژەیەکی زۆر کەمە بۆ یاریزانێک کە باشترینی ئەوروپا و جیهان بێت.

KOREK Telecom

لە پەیوەندییەکی نەپچڕاودا بمێنەوە
لەگەڵ پاکێجە نایابەکانی فەیسبووك
لە کورەك




ئێستا لە (کورەك)ەوە، پاکێجەکانی فەیسبووك بەدرێژایی کات لە پەیوەندیت دەهێڵتەوە.
پاکێجێك هەڵبژێرە:

| پاکێج | قەبارە | نرخی بەشداریکردن | بەردەستبوون (ڕۆژ) |
|---|---|---|---|
| هەفتانە | 300 مێگابایت | 3000 د.ع | 7 |
| ڕۆژانە | 50 مێگابایت | 1000 د.ع | 1 (24 کاتژمێر) |

چێژ لە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فەیسبووك و فەیسبووك ماسنجەر وەربگرە.
بۆ بەشداریکردن، پەیوەندی بکە بە #360* و پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکە

korektel.com
411

جامی ئیسپانیا
ریال مەدرید - سڤیلیا
چوارشەممە 4/1/2017
11:15

جامی ئیسپانیا
ئەتلەتیکۆ مەدرید - لاس پاڵماس
سێشەممە 3/1/2017
11:15

جامی ئیسپانیا
ئەتلەتیک بلباو - بارسیلۆنا
پێنجشەممە 5/1/2017
11:15

خولی ئینگلتەرا
تۆتێنهام - چێلسی
چوارشەممە 4/1/2017
11:00

خولی ئینگلتەرا
بۆرنمۆس - ئارسیناڵ
سێشەممە 3/1/2017
10:45

# 2016 .. ساڵی رووداوە وەرزشییە چاوەڕوان نەکراوەکان

**هەکاری قانع**

ئەگەر لەبارەی تۆپی پێوە ناسنامەیەک بۆ ساڵی 2016 دابنێین، ئەوا دەتوانین ناوی بنێین «ساڵی رووداوە چاوەڕوان نەکراوەکان»، هەر لە بەدەستهێنانی نازناوی پریمەرلیگ لەلایەن لیستەر ستیەوە تاوەکو دەگاتە رکابەرییە گەورەکەی لایپزیک بۆ بایرن میونشن.

لێرەوە باسی 10 رووداو دەکەین، کە لە 2016دا روویانداوەو جێگەی سەرەنج بوون:

**1 ـ بەدەستهێنانی نازناوی پریمەرلیگ لەلایەن لیستەر ستی:**

دەتوانین بڵێین ئەم رووداوە چاوەڕوان نەکراوترین رووداوی سەدەی 21ە لە تۆپی پێدا. لیستەر ستی وەرزی رابردوو بینەرانی تۆپی پێی شۆک کرد کاتێک توانی جامی پریمەرلیگ بەدەستبێنێت، بەتایبەت کە لیستەر ستی لە وەرزی پێشتووتردا لە کۆتا هەفتەکاندا توانی مانەوەی خۆی لە پریمەرلیگ مسۆگەر بکات.

**2 ـ بەدەستهێنانی نازناوی یۆرۆی 2016 لەلایەن پورتوگالەوە:**

ئەمە یەکێک بوو لە رووداوە چاوەڕواننەکراوەکانی تۆپی پێ لەمساڵدا، بەهۆی ئەوەی پورتوگال بەهیچ شێوەیەک پاڵێوراو نەبوو بۆ بردنەوەی نازناوەکە، بەتایبەت دوای ئەوەی توانی زۆر بە زەحمەت لە کۆمەڵەیەکی ئاساندا بە باشترین سێیەم سەرکەوێت بۆ قۆناخی داهاتوو. لە یاری کۆتاییش بەبێ یاریکردنی کریستیانۆ رۆناڵدۆ توانی جامەکە لە دەستی فەرەنسای میواندار برفێنێت.

**3 ـ کۆبوونەوەی راهێنەرە گەورەکانی جیهان لە یەک خولدا:**

لەم ساڵەدا یانەکانی پریمەرلیگ بەهۆی خراپی ئاستی تیپەکانیانەوە راهێنەرەکانیان دوورخستەوەو راهێنەری نوێیان بردە تیپەکانیان. یەکێک لە رووداوە گرنگەکانی 2016 بریتیە لە کۆبوونەوەی هەریەکە لە ( خۆسێ مۆرینیۆ، ئارسین ڤینگەر، پیپ گواردیۆلا، ئەنتۆنیۆ کۆنتی، یۆرگین کلۆپ، ماریسۆ پۆچێتینۆ و رۆناڵد کۆمان) لە یەک خولدا.

**4 ـ ئاستە نایابەکەی لایپزیکی ئەڵمانی:**

ئەمساڵ یەکێک لە رووداوە چاوەڕواننەکراوەکان ئاستە بەرزەکەی لایپزیک بوو، کە ئەم یانەیە لە ساڵی 2009 دامەزراوە و هەنگاو بە هەنگاو لە پلە جیاوازەکانی خولی ئەڵمانیادا هاتووە تاوەکو ئەمساڵ بۆ یەکەمجار گەیشتە خولی بۆندسلیگای ئەڵمانیا، بەمەشەوە نەوەستاوەو تاوەکو ئێستا تەنیا یانەیە رکابەری بایرن میونشنە بۆ بەدەستهێنانی نازناوی بۆندسلیگا.

**5 ـ کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەی یانەی چاپیکوێنسی بەرازیلی:**

ئەم رووداوە سەرجەم وەرزشوانانی جیهانی تووشی خەمناکییەکی گەورە کرد، لەم رووداوەدا زیاتر لە 70 کەس گیانیان لەدەستدا، کە زۆرینەیان یاریزانان و کارگێڕی تیپە بەرازیلییەکە بوون، کە لە رێگابوون بۆ ئەنجامدانی یاری کۆتایی جامی سۆد ئەمریکانا، کە یەکەمجار بوو تیپەکە بگاتە یاری کۆتایی ئەم پاڵەوانیەتییە.

**6 ـ گۆڵەکانی رامۆس لە کۆتا خولەکدا:**

لەوانەیە لە کۆتاییەکانی ساڵی 2016 زۆرترین باس و خواست لەسەر گۆڵەکانی رامۆس بووبێ لە کۆتا خولەکەکاندا، کە لە هەمانکاتدا گۆڵەکان گرنگی زۆریان هەبووە لەسەر ئەنجامەکانی تیپەکەی زیدان.

**7 ـ بوونی پۆل پۆگبا بە بەنرخترین یاریزانی مێژوو:**

ئەگەر ساڵێک پێش ئێستا لای بینەرێکی تۆپی پێ بتگوتبووایە پۆگبا بەنرخترین یاریزانی تۆپی پێیە، رەنگە تووشی سەرسووڕمان ببووایە، بەڵام لە گواستنەوەی هاوینەدا مانچێستەر یونایتد پۆگبای کردە بەنرخترین یاریزانی مێژوو.

**8 ـ پارە بێ شوومارەکانی چین:**

کڕینی ئەستێرەکانی تۆپی پێ بە پارەی خەیاڵی و بەرزکردنەوەی نرخی یاریزانەکان بە رێژەیەکی یەکجار زۆر لەلایەن یانەکانی خولی چینی، گۆڕانکارییەکی گەورەی لە ئابووری و بازرگانی تۆپی پێدا دروستکردووە. پێموایە لە ساڵی نوێدا کاریگەری زیاتری دەبێ لە نرخی یاریزاناندا.

**9 ـ ئابڕووچوونی 2 گەورەترین بەرپرسی وەرزشی:**

لە 2016دا هەردوو گەورەترین بەرپرسی وەرزشی جیهانی، سیپ بلاتەری سەرۆکی فیفا و میشێل پلاتینی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا، بەهۆی تێوەگلانیان لە گەندەڵی ریسوا بوون و لە سەر کارەکانیان لادران.

**10 ـ بردنەوەی نازناوی چامپیۆنسلیگ لەلایەن ریال مەدریدەوە بەسەرپەرشتی زیدان:**

گومان لەوەدا نییە ریال مەدرید لە هەر پاڵەوانیەتییەکدا بەشداربێ ئەو یانەیە پاڵێوراوە بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە، بەڵام ریال مەدریدی وەرزی رابردوو بە بارودۆخێکی خراپدا تێپەڕی لەسەر دەستی رافاییل بینیتێز و پاشان دوورخستنەوەی و جێگرتنەوەی لەلایەن زیدانەوە، کە دواتر زیدان چامپیۆنسلیگی بردەوە، لە کاتێکدا هەموومان پێمانوابوو زیدان ئەزموونی نییەو هەرزوو بەرپرسانی یانەکە دووری دەخەنەوە.




## جامی شای ئیسپانیا

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2017/1/3** | |
| ئۆساسۆنا - ئیبار | 09:00 |
| ڤاڵنسیا - سێلتاڤیگۆ | 09:00 |
| دیپۆرتیڤۆ - ئالاڤێس | 11:15 |
| لاس پاڵماس - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 11:15 |
| **چوارشەممە 2017/1/4** | |
| ریال سۆسیداد - ڤیاڕیال | 09:00 |
| ئەلکۆرکۆن - کۆرتۆبە | 09:00 |
| ریال مەدرید - سڤیلیا | 11:15 |
| **پێنجشەممە 2017/1/5** | |
| ئەتلەتیک بلباو - بارسیلۆنا | 11:15 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 20)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2017/1/3** | |
| بۆرنمۆس - ئارسیناڵ | 10:45 |
| کریستاڵ پالاس - سوانزی ستی | 11:00 |
| ستۆک ستی - واتفۆرد | 11:00 |
| **چوارشەممە 2017/1/4** | |
| تۆتێنهام - چێلسی | 11:00 |

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 17)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2017/1/6** | |
| ئیسپانیۆل - دیپۆرتیڤۆ | 10:45 |
| **شەممە 2017/1/7** | |
| ریال مەدرید - گرانادا | 03:00 |
| ئیبار - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 06:15 |
| سێلتاڤیگۆ - مەلەگە | 08:30 |
| ریال سۆسیداد - سڤیلیا | 10:45 |
| **یەکشەممە 2017/1/8** | |
| ئەتلەتیک بلباو - ئالاڤێس | 02:00 |
| ریال بیتیس - لیگانێس | 06:15 |
| لاس پالماس - خیخۆن | 08:30 |
| ڤیاڕیال - بارسیلۆنا | 10:45 |
| **دووشەممە 2017/1/9** | |
| ئۆساسۆنا - ڤالنسیا | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ریال مەدرید | 37 |
| 2 - بارسیلۆنا | 34 |
| 3 - سڤیلیا | 33 |
| 4 - ڤیاڕیال | 29 |
| 5 - ریال سۆسیداد | 29 |
| 6 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 28 |
| 7 - ئەتلەتیک بلباو | 26 |
| 8 - ئیبار | 23 |
| 9 - ئیسپانیۆل | 22 |
| 10 - لاس پالماس | 21 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مێسی | بارسیلۆنا | 12 |
| 2 - سوارێز | بارسیلۆنا | 12 |
| 3 - رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 10 |
| 4 - ئەسپاس | سێلتاڤیگۆ | 10 |
| 5 - ویلیان | ریال سۆسیداد | 9 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 19)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2017/1/7** | |
| ئیمپۆلی - پالێرمۆ | 08:00 |
| ناپۆلی - سامپدۆریا | 10:45 |
| **یەکشەممە 2017/1/8** | |
| ئۆدینیزی - ئینتەرمیلان | 02:30 |
| ڤیرۆنا - ئەتەلانتا | 05:00 |
| جینەوا - رۆما | 05:00 |
| لازیۆ - کرۆتۆنی | 05:00 |
| پیسکارا - فیۆرەنتینا | 05:00 |
| ساسۆلۆ - تۆرینۆ | 05:00 |
| میلان - کالیاری | 08:00 |
| یوڤانتۆس - بۆلۆنیا | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 42 |
| 2 - رۆما | 38 |
| 3 - ناپۆلی | 35 |
| 4 - لازیۆ | 34 |
| 5 - میلان | 33 |
| 6 - ئەتەلانتا | 32 |
| 7 - ئینتەرمیلان | 30 |
| 8 - تۆرینۆ | 28 |
| 9 - فیۆرەنتینا | 27 |
| 10 - ئۆدینیزی | 25 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 14 |
| 2 - دزیکۆ | رۆما | 13 |
| 3 - بیلۆتی | تۆرینۆ | 13 |
| 4 - میرتینز | ناپۆلی | 11 |
| 5 - هیگواین | یوڤانتۆس | 10 |

## جامی یەکێتی ئینگلیزی

| | |
|---|---|
| **هەینی 2017/1/6** | |
| وێستهام - مانچێستەر ستی | 10:55 |
| **شەممە 2017/1/7** | |
| مانچێستەر یونایتد - ریدینگ | 03:30 |
| بێرمنگهام ستی - نیوکاسڵ | 06:00 |
| بۆڵتۆن - کریستال پالاس | 06:00 |
| ئێڤێرتۆن - لیستەر ستی | 06:00 |
| سەندەرلاند - بێرنلی | 06:00 |
| وێست برۆمیچ - دێربی کاونتی | 06:00 |
| نۆریچ ستی - ساوسهامتۆن | 06:00 |
| واتفۆرد - بیرتن ئەلبیۆن | 06:00 |
| ستۆک ستی - وۆلڤەرهامبتۆن | 06:00 |
| ئیبسویچ تاون - لینکۆلن ستی | 06:00 |
| میلوول - بۆرنمۆس | 06:00 |
| ویگان - نۆتینگهام فۆرست | 06:00 |
| رۆسێرهام یونایتد - ئێکسفۆرد یونایتد | 06:00 |
| هیدیر سفیلد تاون - پۆرت فایل | 06:00 |
| بلاکبۆل - بارنسلی | 06:00 |
| هاڵ ستی - سوانزی ستی | 06:00 |
| وێکمب وندەرز - ستۆربریدج | 06:00 |
| بریستۆل ستی - فلیتوود تاون | 06:00 |
| برایتۆن - میلتۆن کینز دۆنز | 06:00 |
| کۆینز پارک رێنجەرز - بلاکبێرن رۆڤەرز | 06:00 |
| برینتفۆرد - ئیستلی | 06:00 |
| ئەکرینجتۆن - لیۆتن تاون | 06:00 |
| بارۆ - رۆشدێل | 06:00 |
| ساتۆن یونایتد - وێمبلدۆن | 06:00 |
| بریستۆن نۆرس ئیند - ئارسیناڵ | 08:30 |

خولی ئیسپانیا
ڤیاڕیال - بارسیلۆنا
یەکشەممە 8/1/2017
10:45

خولی ئیتاڵیا
ناپۆلی - سامپدۆریا
شەممە 7/1/2017
10:45

جامی ئینگلتەرا
وێستهام - مانچێستەر ستی
هەینی 6/1/2017
10:55

KOREK

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 431 )
سێشەممە 2017/1/3



## تووڕەی کردن

یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشیی ئەرمینیا، بەشێکی زۆری وەرزشدۆستانی وڵاتەکەی تووڕەکرد، بەهۆی هنریک مختیاریانی یاریزانی ئەرمینی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، چونکە ئەو یاریزانە بەناوبانگەی بە یەکێک لە باشترین 10 وەرزشوانی وڵاتەکەی دەستنیشان نەکردووە. هەرچەندە ئەمساڵ مختیاریان بۆ جاری حەفتەم و بۆ شەشەم جار لەسەریەک بە باشترین یاریزانی تۆپی پێی ئەرمینیا دەستنیشانکرا، بەڵام دەستنیشان نەکردنی وەک یەکێک لە 10 باشترین وەرزشوانی ساڵی 2016ی وڵاتەکەی، زۆربەی وەرزشدۆستانی ئەرمینیای تووڕەکرد، کە هەمیشە شانازی بەو یاریزانە دەکەن.

# کاکا دەستگیرانێکی تازەی دۆزییەوە

ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA

ریکاردۆ کاکا، یاریزانی بەرازیلی و ئەستێرەی یانەی ئۆرلاندۆ ستی ئەمریکی، ئاشکرایکرد کە دۆستێکی نوێی گرتووەو دەیەوێ ژیانێکی نوێ لەگەڵ ئەو خۆشەویستەیدا دەستپێبکات.

کاکا، کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل و یاریزانی پێشووی یانەکانی ئەی سی میلانی ئیتاڵی و ریال مەدریدی ئیسپانی، رایگەیاند لەگەڵ هاونیشتمانییەکەی کارۆلینا دیاز چووەتە ناو پەیوەندییەکی سەرڕاست، دوای یەک ساڵ جیابوونەوەی لە کارۆلینا سیلیکۆی هاوسەرەکەی، کە ماوەی 10 ساڵ هاوسەری یەکدی بوون.

کاکا، لە ئاهەنگی بوک گواستنەوەی هاونیشتمانییەکەی، لۆکاس مۆرای یاریزانی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی، لە شاری ساوپاولۆی بەرازیلی لەگەڵ کارۆلینا دەرکەوت، ئەوەش دووپاتی دەکاتەوە، کە کاکا لەگەڵ ئەو خانمە نمایشکارە بەرازیلییەی جلوبەرگ چووتە نێو پەیوەندییەکی خۆشەویستییەوە.

ئەمەو دوای جیابوونەوەی کارۆلین سیلیکۆ لە کاکا لە ساڵی رابردوودا، کە دوو منداڵیان هەیە (کوڕێک و کچێک)، ئێستا لەگەڵ ئیدواردۆ سکاربای ئەکتەر دەبینرێت، کاکاش تاوەکو ئێستا هیچ پەیوەندییەکی سەرڕاستی لەگەڵ هیچ کچێک دانەنابوو.





ڕێبوار محەممەد

## زڕەخەون بەسەرکەوتنی گواردیۆلاوە

لەسەرەتای وەرزەوە، ئەوکاتەی تازە جێدەستی راهێنەرە نوێیەکان لە پریمەرلیگدا دەردەکەوتن، ئەوانەی ساڵانێکی زۆرە تەنیا دونیای تۆپی پێ لە خولی ئیسپانیادا دەبیننەوە، شاگەشکەبوون کاتێک لە یەکەم دێربی مانچێستەردا، ستی لە یونایتدی بردەوە، یان روونتر بڵێم گواردیۆلا بەسەر مۆرینیۆدا سەرکەوت.

ئەوکات کەم نەبوون ئەو دەنگە نێرانەی باسیان لە باڵادەستبوونی پیپ بەسەر مۆرینیۆدا دەکرد و کەمیش نەبوون ئەو رووخسارە دەم بە زەردەخەنانەی بەجۆرێک لە قەشمەریاتەوە لە هاوڕێکانیان دەپرسی: بینیت چۆن گواردیۆلا فلیمی مۆرینیۆی سووتاند؟

ئەو باس و خواسە، پاشماوەی ئەو شەڕ و رقە بوو کە ساڵانێک لە ئیسپانیا لە نێوان بارسا و ریال و روونتر لە نێوان پیپ و مۆدا خەست و خەستتر دەبووەوە.

ئەو هاندەرە کوردستانییانە، ئەوکات پێیان وابوو، ئەوە ئیدی گواردیۆلایە و لە هەر شوێن و جێگایەک بێت هەر سەرکەوتووە و رکابەرەکانی تێکدەشکێنێت. ئەوان وایان بیردەکردەوە پیپ وەک چۆن لە ئیسپانیا و لەگەڵ باشترین پێکهاتەی مێژووی بارسادا چەند ساڵێک سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بەهەمان شێوە لە ئینگلتەراش هەمان شت دووبارە دەکاتەوە.

گومانم لەوە نییە ئەوکات، هاندەرەکانی (بارسا ـ گواردیۆلا) پێیانوابوو، ئەوێش هاوشێوەی لالیگا، ئیدی هەر ئەوەندەی جلەوت وەرگرت و چەند خاڵێک پێشکەوتی، ئیدی کەس تۆی پێناگیرێتەوە و ناتوانێ لە خەونی بەدەستهێنانی نازناوەکە داتببڕێت.

هەفتەکان تێپەڕین و یارییەکان چڕبوونەوە و کەسێک نەما لە پریمەرلیگدا یارییەک و دووان و زیاتریش نەدۆڕێنێت، لە کاتێکدا لە ئیسپانیا هێشتا ریال مەدرید تاڵاوی شکستی نەخواردووە، لە ئینگلتەرا چێڵسی پێشەنگ دووجار نووچی داوە و دۆڕاوە.

لە تێپەڕینی هەفتەکاندا روون بووەوە لە ئینگلتەرا راستی جێگیر نییەو تیپی نەدۆڕاو نییەو خەون بینین بەوەی گواردیۆلا هاوشێوەی ئیسپانیا هەمووان بهاڕێت، جگە لە زڕەخەونێک شتێکی دیکە نییە.

ئەوەی لە ئینگلتەرا دەگوزەرێت، زۆر جیاوازە لەوەی لە ئیسپانیا لە ئارادایە، من دەمێکە ئەو راستییانە دەزانم و دەمەوێ جارێکی دیکەش بیانڵێمەوە، ئەگەر راهێنەرێک، یاریزان یان هاندەرێک پێی وابێت سەرکەوتنێک یان بردنەوەیەک لە گەورەیەک رێگای نازناوەکەت بۆ روونادەکاتەوە، هەڵەیە، چونکە لە ئینگلتەرا هەموو شت جیاوازە، لە ئاستی یانەکانەوە، تا هاندەرەکان و تا سرووشتی ململانێی نێوان یانەکان، لەوێ هەر یانەیەکی پریمەرلیگ ساڵانە چەند دێربییەک ئەنجامدەدات و چەند کلاسیکۆیەکیش بەڕێوەدەچێت بەبێئەوەی ناونرابێت کلاسیکۆ.

لە ئینگلتەرا نە کۆنترۆڵی تۆپ، نە هێرشی پێچەوانە، نە تۆپی درێژ و بەرز ناتوانن تا سەر، سەرکەوتنت پێببەخشن، چونکە یانەکانی ئەو خولە هەموو ستایلێک لە یاریکردنیاندا بەکاردەهێنن و ئەو نەرمونییانەی پیپ لە ئیسپانیا و ئەڵمانیا بۆی چووە سەر و بە کۆنترۆڵی تۆپ یانەکانی دیکەی ناچار بە پاشەکشە و شکست دەکرد و نەیدەهێشت یاریزانەکانی دووچاری پێکان ببن، لە پریمەرلیگدا ئەوە ناچێتە سەر و ئەو یاریزانەی دوو لێسەندن بکات، لە سێیەمیاندا بە لێدانێک تۆپەکەی لێوەدەرگیرێت و فاوڵیش نییە.

ئینگلتەرا هەموو شتێکی جیاوازە، بۆی هەیە لە ئارسیناڵ، سیتی، یونایتد و چێڵسی ببەیتەوە و بە ویست برۆم، یان هۆڵ سیتی بدۆڕێیت، لەوێ هیچ شتێک جێگیر نییە، راهێنەرەکان بەئاسانی بیر لە پاشەکشە ناکەنەوە و پلانێکیش نییە لە دونیای تۆپی پێدا لەوێ تاقینەکرابێتەوە.

ئەو جیاوازییە، وایکردووە بڕیاردان لەسەر ئەوەی فڵان سەرکەتووە و فڵان شکست خواردووە، دووربێت لە راستییەوە. نە گواردیۆلا شکستی هێناوە لەگەڵ سیتی، نە کۆنتی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە لەگەڵ چێڵسی، دەکرێ هەموو شت لە چەند هەفتەیەکی کەمدا قڵپ ببێتەوە، تۆتێنهام یان ئیڤێرتۆن یان یانەیەکی دیکەی هاوشێوەی لیستەر سیتی، ببێتە پاڵەوان! دەزانن بۆچی؟ چونکە ئێرە ئینگلتەرایە.

پێشبڕکێ



**به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

نەجات بابۆڵی لە هەولێر

بە لێدوانی:

(**بیرۆکەی ئەم دووانە، دەگۆڕێ ئەم جیهانە**)

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 431 )
سێشەممە 2017/1/3

## 3 LOTTO پەنجاو چوارەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی)ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
www.rudaw.net
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولڕەحمان
هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە